ئەمڕۆ چوار یاری بەهێز لە چوارچێوەی یارییەکانی جامی عێراق بەڕێوەدەچێت

DMINIQUE
60

لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغ شازدەی جامی عێراق، ئەمڕۆ چوار یاری بەهێز ئەنجام دەدرێت.

یاری یەکەم یانەی قوە جەوییە ڕوو بەڕووی یانەی نەجەف دەبێتەوە، یانەی قوە جوەییە خاوەن. نازناوی پێشووی ئەم پاڵەوانێتە هەوڵی دەوڵەمەند کردنی گۆگای یانەکەیان دەکات بە دەستهێنانی ئەم جامە بۆ ساڵی دووەم هەروەها یانەی نەجەف هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتن دەدات لە یارییەکە بە پشت بەستن بە هاندەران و یارگای خۆی.

لە یاری دووەمدا، یانەی زاخۆ میوانداری یانەی شۆرتە دەکات لە یارییەکی سەختدا بۆ هەردوولا، چونکە میواندارییەکە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە چاوەڕێی پێشکەشکردنی باشترین ئاستەکانی دەکات بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغی داهاتوو، لە بەرامبەردا یانەی شورتە هیوادارە بە سەرکەوتنێکی بەنرخ بگەڕێتەوە بەغدا کە وای لێدەکات بەردەوام بێت لە ڕکابەریکردن لە پاڵەوانێتی جامی عێراقدا.

هەروەها یانەی زەورا لە یاریگای خۆی کە میوانداری یانەی کەربەلا دەکات و ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەرفەتێکی زێڕین بۆ قەرەبووکردنەوە دۆڕانەکەی لە پاڵەوانێتی خولەکەدا بەرامبەر هەمان ڕکابەر هەروەها داو یاری ئەمڕۆی جامی عێراق لە نێوان هەردوو یانەی تەلەبە و نەفت بەڕێوە دەچێت و لەسەر یاریگای نێودەوڵەتی شەعب، هەردوو یانەکە لە هەوڵی بەدەستهێنانی پلیتی چارەکە کۆتایی جامەکەن.